Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2072049

# دەرفەتی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە_ رۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان بە نمونە)

ڤیان جاسم موسى          فؤاد علی احمد

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان،عێراق

*Article Info*

Received: **September , 2022**

Revised: **November, 2022**

Accepted: **December, 2022**

*Keywords*

**opportunity, investigative journalism, Kurdistan Region legally**

*Corresponding Author*

**پوختە:**

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان )، کە بابەتێکی هەنوکەیی و گرنگی ئەمڕۆی بواری رۆژنامەوانیە، هاوکات جێی بایەخی دامەزراوە رۆژنامەوانیەکانە،لەو سۆنگەیەوە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: ساغکردنەوەی ئاستی دەرفەتی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریە لە هەرێمی کوردستان، و زانینی ڕادەی لەباریی و گونجاوی ژینگەی کوردستانە بۆ برەودان بە رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، لەگەڵ. زانینی ئاستی دەستەبەرکردنی ئازادی رادەربڕینە لە روی یاساییەوە، هەروەها دەرخستنی ئەو دامەزراوە رۆژنامەوانیانەی، کە لە توانایاندایە بیسەلمێنن، کە کاریی بنکۆڵکاری بونی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکات توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکانە، ڕێبازی ڕوپێوی بەکارهێناوە، کە گونجاوە لەگەڵ ڕەوتی توێژینەوەکەی، توێژەر لە لایەنە (مەیدانی) توێژینەوەکەشی شێوازی را پێوینامەی بەکارهێناوە. بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە لە کۆتاییدا دەرئەنجامە بەدەستهاتوەکان بریتین لە:، ئاستی دەستەبەرکردنی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە سێبەری ئازادی فەراهەمکراو و بونی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ کاریی بنکۆڵکاری و دەرفەتدان بە رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری دروست لە هەرێمی کوردستان، لە بەرزترین ئاستەکانی پێوانەییدا بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەندان بەڕێژەی،(٥٤،٩٣%)، ، هەروەها لە سەر ئاستی نمونەی دامەزراوە رۆژنامەوانیەکانی هەرێمی کوردستان، هەریەک لە دامەزراوەی روداو، ئێن ئارِ تی و دبلۆماتیک مەگەزین بە پێشەنگی کاری بنکۆڵکاری دیاریکراون بە رێژەی. (١١،٣٢%) ،(٢٤،٢١%) و (١٢،٠٤%)، بەپێی ریزبەندییان، ئەمەش سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە دەزگا رۆژنامەوانییەکان لە هەوڵی بەردەوامی بەرەوپێشبردنی ئەم شێوازەن لە رۆژنامەوانیدا

کلیلە وشەکان:دەرفەت، رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری یەکێکە لە.ڕەگەزە رۆژنامەوانییەکان ،کە زیاتر هاوسەنگ و بابەتیانەیە لە وێناکردنی ڕارودۆخەکان لە سەر بنەمای دۆکیومێنتکردنی ڕاستی زانیاریەکان لە هەر هەنگاوێکی زانستیی رێکخراو بۆ ئاشکراکردنی پێشێلکاریەکان و ڕاستیە شاراوەکان و پتەوکردنی بنەماکانی چاودێری بەسەر دامەزراوە فەرمی و تایبەتیەکان و کەسایەتیەکاندا، ئەوەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا. لە ئێستا سەردەم سەردەمی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریە چیتر لە توانای رۆژنامەوانیی کلاسیکدا نەماوە نیە،کە وەرگرەکانی قایل بکات بەو زانیاریە کەمەی، کە

پێشکەشیان دەکات. لەبەرئەوەی ئەم شێوازە نوێیە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر لە بابەت بە کەمترین ماوە. بە جیاواز تر بە دوای پێشکەوتنی بەردەوام بۆ پاراستن و هێشتنەوەی خوێنەرانی لە لایەک و مسۆگەرکردنی توانای مانەوەی لە گۆرەپانی رۆژنامەوانیدا لە لایەکی دیکەوە.(البدرانی، ٢٠١٥: ٨)، گەرچی هاتنە ناوەوەی میدیای نوێ کە ئەنترنێتە یارمەتیدەر بوە بۆ خولقاندن و دروستبونی، کە وای لە رۆژنامەوانیی کلاسیک کرد بە تایبەتی رۆژنامەوانی چاپکراو لە بەرامبەر بەرەنگاری بەردەوامدا بێت لە رێگەی خستنەروی جیاواز تر و باشتر، ئەمەش وایکرد کە هەندێک لە دامەزراوە رۆژنامەوانیەکان ئاگادار ببنەوە و سەرنجیان بخەنە سەر کاریی بنکۆڵکاری سەرنجراکێش وەک کەرەستەیەک بۆ پێشبرکێکردن لەگەڵ ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ فراوانبونی ئەو رۆڵەی لە کۆمەڵدا دەیگێرێت، رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری وایکردوە،کە ببێتە پێویستیەکی سەردەم،بەو پێیەی، کە شێوازێکی نوێی پیشەی رۆژنامەوانیی پرۆفیشناڵە، کە ئامانجی مامەڵەکردنی قوڵ و پتەوە، لەگەڵ رِوداو و کێشەکان.سەرباری ئەو گەشە و گۆرانکاریانەی کە رِودەدەن لە بواری سیاسی و ئابوری بە گشتی وایکردوە گرنگیەکەی تا دێت رو لە زیاد بون بکات.( عبدالغنی،٢٠٢٠: ١٠١)، لەگەڵ ئەوەشدا بونی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو ئازادی فەراهەمکراو و رەخساندنی دەرفەت بۆ کارکردن بەم شێوازە هەروەها بونی رۆژنامەوانی پرۆفیشناڵ و بوێر و شارەزا زەرورەتیکی ترە بۆ بەرزکردنەوە و خولقاندنی ئەم شێوازە،کە نوێنەری رۆژنامەوانیی لێکدانەوە و قوڵبونەوە دەکات، لێرەوە بۆ زیاتر دەرخستنی بایەخی ئەم شێوازە تیشک دەخەینەسەر دەرفەتی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو بزانیین لە چ ئاستێکی پێوانەییدا خۆی دەبینێتەوە لە نێو نمونە گرنگەکانی رۆژنامەوانییدا، کە نمونەی زیندو سەرکەوتو کاریگەرە لە ئێستا و دوارۆژدا،سەرەرِای ئاستەنگێکان، کە رێگرن لە گەشەکردنی، لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەوانان و دامەزراوە رۆژنامەوانیەکانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان کەم تا زۆر پەیرِەوی ئەم شێوازە نوێیە بکەن و کۆمەڵ و دامەزراوە فەرمیەکان لە گرنگی و بایەخی هۆشیار بکەنەوە. لە و سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ زیاتر برەودان بە کارکردن و گەشە پێدانی ئەم شێوازە لە چوارچێوەی رۆژنامەگەری بە گشتی و لە ناوەندە ئەکادیمیەکان بە تایبەتی بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی رۆژنامەنوسی مۆدێرن و راهێنراو، بە مەبەستی پێشکەشکردنی باشترین لە بواری رۆژنامەوانی بە گشتی و بنکۆڵکاری بە تایبەتی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی،لێرەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کە تیشک بخاتە سەر دەرفەتەکانی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان.بە مەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو.

**یەکەم:رِێبازنامەی توێژینەوە:**

**١.) کێشە وپرسیاری توێژینەوە:**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەنوێنێت لە ئاڵۆزی و نارِونی (دەرفەتی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان)دا، هاوکات ئەم توێژینەوەیە بە دوای وەڵامدانەوەی پرسیارێکی سەرەکیدایە، کە ئەویش دەرفەتی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە چ ئاستێکی پێوانەییدا خۆیدەبینێتەوە لە هەرێمی کوردستان) ، بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە سەرنج دەدەینە سەر ئەنجامدانی راپێویەکی نمونەیی لە رۆژنامەنوسان،کە هەڵسورِێنەری بواری رۆژنامەوانین، بە مەبەستی زیاتر خستنە رِو و رونکردنەوەی کێشەکەی توێژینەوەکە، ئەم پرسیارانە دەخەینە رِو:

١- ئایە دەرفەت بۆ رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟

٢-ئایا تا چەند لە هەرێمی کوردستاندا ئازادیی رادەربرِین لە روی یاساییەوە بۆ رِۆژنامەوانی بنکۆڵکاری دەستەبەرکراوە؟ ٣- ئایا ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبارو گونجاوە بۆ رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری؟

**٤- ئایا دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکان لە توانایاندایە بیسەلمێنن، کە کاری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان بونی هەیە؟**

**. ٢.) بایەخی توێژینەوە:**

**بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە بایەخی پێکهاتەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری بەو پێیەی کە بابەتێکی بایەخدارە بۆ هەڵسوراوانی ئەم بوارە لە هەر شوێنێکی دونیا و لە ناویشیاندا هەڵسوڕێنەرانی ئەم بوارە لە هەرێمی کوردستان. ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری گرنگیەکی دیاریکراوی هەیە لە کۆمەڵی کوردیدا، لەبەر نوێیەتی بابەتەکە و دەگمەنی سەرەڕای بەکارهێنانی بنکۆڵکاری وەک بنەما متمانەپێکراو جگە لە بونی بەها فراوانەکەی لە ئاشکراکردنی شاراوەکان کە سەر ئەنجام بۆ بەرژەوەندی گشتی و گۆرینی کۆمەڵ و دۆزینەوەی چارەسەر و برەودان و بەرەو پێشچونی هەمیشەیی بە بوارەکە، سەرەڕای بایەخە ناسکاری و زانستیەکانیان کە پێویستیەکی گرنگی ئەم سەردەمەی ژیانە بە تایبەتیش لە بواری ڕاگەیاندندا.**

**٣.) ئامانجی توێژینەوە:**

**١. ساغکردنەوەی دەرفەتی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان.**

**٢. زانینی ئاستی لەباریی و گونجاوی ژینگەی کوردستان بۆ ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری.**

**٣. زانینی ئاستی دەستەبەرکردنی ئازادی ڕادەربڕین لە روی یاساییەوە بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان.**

**٤. دەرخستنی ئەو دامەزراوە ڕۆژنامەوانیانەی، کە لە توانایاندایە بیسەلمێنن کە کاری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان بونی هەیە.**

**٤.)گریمانەی توێژینەوە**

**گریمانە گرنگترین ئامرازی هزرییە بۆ توێژەر، هاوکات یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی گریمانە یارمەتیدانی مرۆڤە لە مانا پێبەخشین بە شتێک یان ڕوداوێک کە مانایان نەبو بێت بەبێ بونی گریمانە. دواتر دەبێت گریمانەکان وەک ئامرازێک بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیە نوێیەکان بەکار بهێنرێت نەک وەک ئامانجێک لە خۆیدا. (اولمان، ٢٠٠٢: ٧٧-٧٨).**

**هاوکات توێژەر ئەم گریمانانە پێشنیار دەکات بە پشت بەستن بە تیۆری برەودان ،کە ڕێبەری توێژەر دەکات لە داڕشتنی گریمانەی توێژینەوەکەدا بە مەبەستی ئەوەی لە هەنگاوەکانی توێژینەوە کە بە شێوازێکی زانستی گریمانە دیاریکراوەکان، بسەلمێنێت. بە جۆرێک کە لە توانای توێژەر دایە بۆ پراکتیزەکردنی لە شێوازی پرسیاری تایبەت کە لە فۆرمی ڕاپێوینامەکە بە ڕونی دەردەکەوێت هەروەها لە ڕێگەی گریمانە دەتوانین پەیوەندی نێوان گۆرا و ئامانجی توێژینەوەکە بخەینە ڕو:**

**یەکەم: پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان لە باری ژینگەی برەودان بە کاریی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و ڕادەی شارەزایی و ئاشنابون بە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری.**

**دووەم: پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کاریی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری و کاری دامەزراوە میدیاییەکان لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەوانی بوێر و شارەزا و لێهاتو.**

**سێهەم: پەیوەندی بەهێزی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان دەرفەت و ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری.لە هەرێمی کوردستان**

**٥.)جۆر و ڕێبازی توێژینەوە:**

**لە ڕوی جۆرەوە ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفیەکان دادەنرێت، کە لەسەر بنەمای دیاریکردنی تایبەتمەندی دیاردە و دیاریکردنی پێکهاتە و جۆرێتی و پەیوەندی نێوان بەگۆڕەکان و ئاراستە و هۆکارەکانی خۆی دادەڕێژێت (المشهدانی، ٢٠١٧ : ١٦٢).**

**بۆ بەرجەستە کردنی ئامانجەکانیشی لە بەشە (مەیدانیی) یەکەیدا، پشت بە میتۆدی ڕوپێوی (مسح) بەستراوە کە لە بواری ڕاگەیاندن زۆرتر بەکاردەهێنرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە**

بۆ ئەوەی کە ڕوپێوی بە ڕێکارێکی سەرەکی و باو دادەنرێت لە توێژینەوە وەسفیەکاندا هاوکات ئەم ڕێکارە متمانە پێکراوی بواری توێژینەوەی زانستی دادەنرێت. (حمدی و سمیرة،٢٠١٩: ١٣٠)

**٦.)کۆمەڵ و (سامپڵی)ی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکدێت لە کۆی ڕۆژنامەنوسانی میدیای کوردی، کە ژمارەیان بە گشتی (٦٥٤٦) ڕۆژنامەنوسە بە جیاوازی دامەزراوە میدیاییەکان، کە لە چوار چێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بریتین لە و ڕۆژنامەنوسانەی کە لە بوارە جیاجیاکانی ڕۆژنامەوانی بە (نوسراو، پەخش، ئەلیکترۆنی) کار دەکەن. هاوکات بۆ دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیەکە بە سەر سامپڵی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی مەبەستدار. سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو گیراوە، کە پێکهاتوە لە هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە)، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی گوزارشت لە کۆمەڵەی توێژینەوەکە بکات. هەرچی دەربارەی(نمونە)ی توێژینەوەکەشە، کە بە شێوەی (نمونەی مەبەستدار)،یان بە واتایی (العینة العمدیة) وەرگیراوە(*). کە تێیدا بە مەبەست تیشک خراوەتە سەر ڕۆژنامەنوسانی بە جیاوازی دەزگا و ئامرازەوە بەو پێیەی کە ڕۆژنامەنوسان کەسانی شارەزا و لێهاتو بە ئەزمون و هەڵسوڕێنەری بواری ڕۆژنامەوانین، کە تێیاندا (٣٢٧) ڕۆژنامەنوس بە ڕێژەی لە (سەددا بیست)(٢٠%) کۆمەڵگەکە وەرگیراوە بەوپێیەی ئەم ژمارەیە دەتوانێ وێنای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەن.بڕوانە خشتەی (١)

**خشتەی (١) خستنەروی کۆمەڵ و بەرتوێژان دەردەخات**

| ژمارە | ناوی پارێزگاکانی هەرێم | ڕێژەی کۆمەڵی توێژینەوە | بەرتوێژان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١- | پارێزگای هەولێر | ٢٦٠٧ | ١٣١ | %٤٠ |
| ٢- | پارێزگای سلێمانی | ٢١٥٥ | ١٠٨ | %٣٣ |
| ٣- | پارێزگای دهۆك | ١٥٣٤ | ٧٦ | %٢٣ |
| ٤- | پارێزگای هەڵەبجە | ٢٥٠ | ١٢ | %٤ |
| ٥- | کۆی گشتی | ٦٥٤٦ | ٣٢٧ | %١٠٠ |

---

**٧.) ئامراز و کەرەستەی توێژینەوە:**

**فۆرمی ڕاپرسی**: ڕاپرسی یەکێکە لە باوترین ئامرازەکانی توێژینەوەی بواری ڕاگەیاندن. بە ئامرازێکی شیاو هەژماردەکرێت بۆ گەیشتن بە داتای ڕاست و پەیوەستدار بە بابەتەکەوە، هاوکات پێشکەش دەکرێت لە شێوەی ژمارەیەک لە پرسیار کە پێویستی بە وەڵامی دروستە (مشهدانی، ٢٠١٧: ٩٣)

**چاوپێکەوتن**: ئامراز و کەرەستەیەکی زانستییە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە کۆمەڵێک برگە و پرسیار پێکدێت کە ئامانجەکانی توێژینەوە بەدی دەهێنن، هاوکات توێژەر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ئەلکترونی پشت بەستو بە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان چاوپێکەوتنەکەی ئەنجام داوە، کە لە دو شوێنی جیاواز و کاتی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت کە بە جۆرێکی تایبەتمەند هەژماردەکرێت لە روی پێدانی زانیاری و هەروەها بوار دەدات بە تاک بۆ بیرکردنەوە زیاتر و وەڵامدانەوەی گونجاو تر.(المحمودی، ٢٠١٩ :١٤٢)

**٨.) پێوەری راستی فۆرمی ڕاپێویی توێژینەوە:**

هەروەها ڕاستگۆیی ڕاستەقینە: لە سەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە، کە تا چەند دەستەواژەی برگەکانی ڕاپرسیەکە گونجاون و تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ئامانج و کێشەی توێژینەوەکە، هەروەها ڕاستگۆی دەکرێ لە ڕێگەی پسپۆڕانەوە ئەنجامبدرێت، کە گرنگە وەک هەنگاوێکی بنیاتنان بۆ سود وەرگرتن لە ڕای شارەزایان بە پشت بەستن بە پرۆسەی دارشتن و رونکردنەوەی برگەکان لە ڕێگەی پەیوەندی ڕاستەقینەیی نێوان برگەکان و کۆی گشتی برگەکان پاش لابردنی برگە پەسەند نەکراوەکان.

لەم ڕوانگەیەوە ڕاپرسێکە خرایەڕو، بە شێوەیەکی سەرەتایی توێژەر فۆرمەکەی ئاراستەی(٥) پێنج، پسپۆری شارەزا بواری میدیا کرد، بە مەبەستی دەرهێنانی ڕواڵەتە دروستی، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕاپرسێکەوە، هاوکات سود لە ڕاوبۆچونەکانیان وەرگیراوە و ڕاوبۆچونەکانیان جێبەجێکراوە بۆ بەدیهێنانی گونجاوی هەر

برگەیەک بۆ تەوەرەکە، لەگەڵ ئاستی دروستی ورد و دارشتنی زمانی زانستی و ئاستی گشتگیری راپرسێکە بە کێشە و ئامانجی توێژینەوەکە، لە بەر رۆشنایی زانیاری پسپۆران، دوبارە دارشتنەوەی هەندێ برگە و زیادکردنی هەندێ برگە یان گۆرین یان لابردنی برگەکان. پاش ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە و پاش وەرگرتنەوەی راپرسیەکە لە پسپۆران، کۆی رێژەی سەدیی سەرنج و تێبینی پسپۆران بە رێژەیی (٩٢%) ،دەرچوە هاوکات سەر لە نوێ فۆرمەکە لە لایەن توێژەرەوە دارێژرایەوە لە سەر بنەمای سەرنجی پسپۆران دواجار بە سەر ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکەدا دابەشکراوە.

**٩.) رادەی جێگیریی (الثبات) توێژینەوە:**

توێژەر بۆ دڵنیابونەوە یان بۆ دۆزینەوەی جێگیری لە توێژینەوەکەیدا رێگەی دوبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێناوە، بەو واتایەی کە ئەو پێوانەیە بەکاردەهێنێت لە دو ماوەی جیاواز بە مەرجێ بەسەر هەمان نمونەدا جێبەجێبکرێت، بۆ ئەوەی هەمان ئەو پێوانەیەمان بە دەست بگاتەوە، نمونەی جێگیری ئەم پێوەرە بریتیە لە (٧٠) فۆرم بەرێژەی لەسەدا بیست(٢٠%)، وەرگیراوە لە کاتی دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر نمونەی توێژینەوەکە، هەریەکە لەم فۆرمانە ژمارەیان لە سەر دانرا، دوای تێپەربونی (٢٢) رۆژ لەگەرانەوەی فۆرمی یەکەم سەر لەنوێ فۆرمەکان بەسەر هەمان نمونەدا دابەشکردۆتەوە بە دیاریکردنی هەمان ژمارە و هەمان رۆژنامەنوس، دوای وەلامدانەوەیان، (٦٤) فۆرم گەراوەتەوە بۆ دڵنیابون لە جێگیری فۆرمەکە رێگەی پێوانەی (کرونباخ الفا)مان بەکارهێناوە (Bland J, 1997,527p).

**١٠.)چەمکەکانی توێژینەوە:**

**:دەرفەت:** بریتیە لە بارودۆخی گونجاو لە شوێن و ماوەی دیاریکراو بۆ دەستکەوتنی زانیارییە بە شێوەیەک، کە لە توانای دامەزراوەکەدایە ئەو دەرفەتە بەکاربهێنێت بۆ بەدیهێنان و پێکانی ئامانجەکانی.(عبدالقادر و اخرون، ٢٠١٣: ١٨٩)

دەرفەت:. بەپێی خواست و ویستی ئەم توێژینەوەیە ئەوا توێژەر مەبەستی لە پێدانی هەل و دەرفەتی کارکردنە بۆ سەرجەم دامەزراوە میدیاییەکان، کە خوازیاری بەدەستهێنانی دەستکەوت و ناوبانگی دیارن لە بواری رۆژنامەوانییدا، بەبێ جیاکاری لە نێوان، نەتەوە، ئایین و ناسنامەدا، ئەوەی لە توانایدایە جیاکاری بخاتە ئەم نێوەندەوە تەنها خودی رۆژنامەوانە! لە نێوان ئەم دەرفەت و دەستکەوتە و لە بەدەستهێنانی ناوبانگی زیاتر بۆ خۆی و دامەزراوەکەی، هەتا ئەم دەرفەتانە زۆرتر و زیاتر بن ئاستی هەنگاونان و گەشەکردنی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت

**رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری:** پسپۆرێکی بوارەکە بە ناوی (بندیکت تمبو) وا پێناسەی دەکات: رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری (ئەو جۆرە رۆژنامەوانییە، کە خۆراکی سەرەکی لە چیرۆکە سەردەمیەکان بە دەستدەهێنێت، ئەویش لە رێیی رۆچون و دەستکەوتنی زانیاری دروست لە سەر حکومەت و رێکخراوە نا فەرمیەکان و کەرتی تایبەت بۆ بنیادنانی چیرۆکی رۆژنامەوانیی لە بەرژەوەندنی گشتیدا). (ابو عرقوب، ٢٠١٣، :٩)

**رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری:** مەبەستی توێژەر لە رۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری واتای ئەو مۆدێلە نوێیەی رۆژنامەوانییە، کە خاوەن ناوێکی دیار و مێژویەکی پرلە ململانێیە، لەگەڵ دەسەلات و یەکەم و پێشەنگە لە خستنە روی زانیاری شاراوەکان ، کە لێرەدا لە هەوڵی دەرخستنی ئاستی دەرفەتەکانیین لە هەرێمی کوردستاندا.

**هەرێمی کوردستان:** ئەو ناوچەیەی، کە کەوتۆتە پانتایی دەسەلاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی فیدراڵ لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا و لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دانپێدانراوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عێراق.( دەستوری هەمیشەیی عێراق، مادەی، (١١٣).

**١.)توێژینەوەی پێشو:**

دەشتی (٢٠١٧)،لە توێژینەوەکەی دەربارەی پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا هەوڵی داوە ئاشنا بێت بە پێگەی ڕۆژنامەنوسیی، لە ڕێگەی پشتبەستن بە ڕێکاری ڕوپێوی، پاڵپشت بە ئامرازی (ڕاپێوینامە)، بە مەبەستی گەشتن بەچەند ئامانجێک لەوانە: ئاشکراکردنی ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی لە بە جێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاری و دروستبونی (دەسەڵاتی چوارەم )، هەروەها ئەنجامەکان بەو شێوەیەیە، کە ئەو پێیگەشتوە، نزمیی ئاستی پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا و ڕۆژنامەنوسی لە هەرێمی کوردستاندا نەیتوانیوە ئەرکی چاودێرکاری بە جێبگەیەنێت و ببێتە دەسەڵاتی چوارەم.

ڕوان(٢٠١٩)، لە توێژینەوەکەی دەربارەی (دور الصحافة الاستقصائية في كشف القضايا الفساد من وجهة نظر الصحفيين الاردنيين)، هەوڵی داوە ئاشنابێت بە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە ئاشکراکردنی دۆزە گەندەڵیەکانی ئەردەن، لە روانگەی ڕۆژنامەوانانی ئەردەنیەوە، ،توێژەر لە ڕەهەندی کردەنی توێژینەوەکەی ڕێکاری ڕوپێوی بەکارهێناوە، پاڵپشت بە ئامرازی (ڕاپێوینامە)، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی.کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ئاشکراکردنی جۆرەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵی ئەردەنی و ئاشکراکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕێگرن لە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە دیدی ڕۆژنامەوانە ئەردەنیەکان.لەکۆتاییدا ئەنجامەکان بەو شێوەیەیە کە ئەو پێیگەشتوە، سستی هاوکاری نێوان ڕێکخراوە ناوخۆیەکان و ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە کاری تێدا دەکەن. لەگەڵ کەمی ڕاهێنان لە بواری ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری کە دەستەبەر نەکراوە بۆ ڕۆژنامەوانان.

ڕاندا (٢٠٢٠)، لە توێژینەوەکەی دەربارەی (العوامل المؤثرة على المواقع الإلكترونية الإستقصائية الناطقة بالانجليزية) هەوڵی داوە ئاشنا بێت بە (هۆکارە کاریگەریەکان لە سەر پێگە بنکۆڵکاریەکان کە دوێنەری ئینگلیزین)، ، لە ڕەهەندی کردەنی توێژینەوەکەی ڕێکاری ڕوپێوی بەکارهێناوە، پاڵپشت بە ئامرازی چاوپێکەوتنی چڕ و نیمچە ڕێکخراو، لەگەڵ شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ گەشتن بە ئامانجێ توێژینەوەکە، کە بریتیە لە: چاودێریکردن و تێبینیکردنی شیکردنەوەی هۆکارە کاریگەریەکان لە سەر پێگە بنکۆڵکاریەکان، کە دوێنەری ئینگلیزین، لەگەڵ زانینی ئاستی کاریگەری لە سەر تەکنیکی نوسینی ڕۆژنامەوانیی و جێبەجێکردنی لە سەر هەر یەکە لەم پێگانە ( mada masr,propublica, ARIJ, the bureau of investigative journalism) لە نێو ساڵانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧)، لەو دەرئەنجامانەی کە ئەو پێیگەشتوە،لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە کاریگەریان هەیە لە سەر پێگە ئەلکترۆنیە بنکۆڵکاریەکان کە دوێنەری ئینگلیزین هۆکاری سیاسین، لەگەڵ لە لێکۆڵینەوە بنکۆڵکاریەکاندا، بڵاوکردنەوەی دۆسیە گرنگ و گشتی و گێڕانەوە چیرۆک، کات و تێچوی زۆری پێویستە.

## دوەم:سەبارەت بە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری:

### مێژوی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری

لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە ساڵی (١٦٩٠)، ڕۆژنامەیەک بڵاوکرایەوە، بە ناوی (ڕوداوە گشتیەکان) لە لایەن (بنیامین هاریسون)لەم ڕۆژنامەیەدا کاری لەسەر ئاشکراکردنی هەڵسوکەوتی دڕندانەی سەربازە فەرەنسیەکان دەکرد دژی هندیە سورەکانی ئەمەریکا، (عبدلباقي، ٢٠١٣ : ٢٠-٢١)، پاشان لە ساڵی ١٧٢١، ڕۆژنامەوان (جیمس فرانکلین) کاری لەسەر ئەو گەندەڵیانە کرد کە کەنیسەی پرۆستانتی ئەنجامی دابو لە ماوەی بەرنامەی ڕوبەڕو بونەوەی نەخۆشی ئاوڵە(خوریلکە) (البرنامج الانمائية للامم المتحدة،التاريخ غير متوفر: ٢٨)

پاشان ڕۆژنامەوان (نیلی بلای)،لە ساڵی (١٨٨٧) کۆمەڵێک ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری بە شێوەیەکی شاراوە ئەنجامدا، کە بە یەکەم لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری دادەنرێت لە جیهاندا. (مصري، ٢٠١٨: ١١٣)

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی زێرینی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دادەنرێت، چونکە دو هۆکاری سەرەکی هەبون وایکرد ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری زیاتر ببێتە پێویستی کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆی بگێرێت، یەکەم بەهۆی دابرانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئەمەریکی بە تایبەت لەگەڵ چینی ناوەڕاست و ڕۆشنبیران، هەروەها سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، دووەم بەهۆی لێشاوی کۆچ بۆ ئەمەریکا. (عبدلباقي، ٢٠١٣: ٢٩)

هەر لەبەردەوامی هەوڵەکانیان کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوس سەرکردایەتی هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانیان دەکرد بە تایبەت دژ بە گەندەڵی لەساڵی (١٩٠١)، پاشان لە ساڵی (١٩٠٦)، (بزوتنەوەی لێکۆڵەرانی گەندەڵی) یاخود(گەریدەکان بە دوای گەندەڵی ) دەرکەوت بەم شێوەیە بەردەوام بو ، لە ساڵی ١٩١١ سەرکەوتنی بەدەستهێنا. (الدليمي، ٢٠١٤ : ٣٢) لە حەفتاکانی سەدی بیستەمدا ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری گەشەیەکی بەرچاو و فراوانی بەخۆیەوە بینی،هەروەها سندوقێکی سەربەخۆی هاوکاری دارایی بۆ ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دەرکەوت بە ناوی (Fund of investigativejournalism) بۆ هاوکاریکردنی دارایی ڕۆژنامەوانان و دامەزراوەکان کە کاریان لە سەر ئەم جۆرەی ڕاگەیاندن دەکرد کە ئامانجیان قازانج نەویستبو بەمەبەستی هاندانی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری و گەشەپێدانی (حسن، ٢٠١٢: ٣٥)

هەر لەماوەی ساڵانی حەفتاکاندا ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری گەورەترین دۆسیەی ئابڕوچونی سیاسی ئاشکراکرد کە بە ئابڕوچونی (**واتەرگێت**) ناسراوە. (مصري، ٢٠١٨: ١٠٣)

هەر لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک دامەزراوەی گرنگی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دامەزران، گرنگترینیان (**فیدراسیۆنی نوسەرانی بنکۆڵکاری**) بو کە لە ساڵی (١٩٧٥).( هانتر و سینجیرز،٢٠٠٨: ٤٥)

لە کۆتایی ساڵی(١٩٧٦)دا (**کۆمەڵەی هاوڕێیانی ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکاری**) پێکهێنرا بەسەرۆکایەتی سەرنوسەری ڕۆژنامەکانی ( Reporter ,News Day Green)، )، بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری لە سەر ڕوماڵکردنی تاوانەکان. (الدليمي، ٢٠١٤: ٣٣)

لەساڵی (١٩٨٠) بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆمپیوتەر برەوی سەند، ڕۆژنامەوانان خۆیان لە بەردەم سیستمێکی نوێی تەکنەلۆجی و ئەرک وبەرپرسیارێتی و قۆناغ و شێوازی نوێ و جیاواز بینیەوە، چەمکی ڕوماڵی بنکۆڵکاری کۆمپیوتەری هاتە ئاراوە کە بریتی بو لەکۆکردنەوە وشیکردنەوەی مادە ڕۆژنامەوانیەکان لەڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنیەکان. (ابوحشيش، ٢٠١٣: ١٣)

هەروەها لە سەرەتاکانی سەدەی بیست ویەکی ساڵی)(٢٠٠١) دا تۆڕی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری جیهانی Global Investigative Journalism) Network) دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی خێرا و سەرنجراکێش گەشەی سەند، کە لە شێوەی کۆڕبەندێکی جیهانیدا بو، لەوێوە باشترین بیرۆکە و ئەزمونەکانی بواری ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری ئاڵوگۆڕ دەکرا و بوە ناوەندێک بۆ ڕۆژنامەوانانی بنکۆڵکاری. (الدليمي، ٢٠١٤: ١٥٣-١٥٤)

سەبارەت بە خۆرهەڵاتی ناوەراست دروستبوون و گەشەی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دواکەوتبو بە شێوەیەکی بابەتیانە نە ناسرابو ، لە پێشەنگیاندا ڕۆژنامەوانی (میصر)ی، کە کارە بنکۆڵکاریەکانیان بەبێ بەرنامە و پرۆگرام بە شێوازی نا چونیەک دادەڕشت (عيسى،٢٠١٨: ٣)

لە ساڵی (٢٠٠٥)، دا تۆڕی (**ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری عەرەبی**) لە عەمانی پایتەختی ئەردەن دامەزرا، کە بە یەکەم دامەزراوەی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری دادەنرێت لە جیهانی عەرەبیدا. (هانتر و سینجیرز: ٥٥).

بێگومان عێراقیش وەک بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەراست بێبەش نیە لە گەندەڵی، کە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بە ژینگەکەیەوە دیارە.گەر سەرنج بدەین لە عێراق هاوشێوەی وڵاتە عەرەبیەکان کاریی بنکۆڵکاری لە بارودۆخێکی ئاسان

و لەبار نەهاتووە بە دەستەوە. تا ڕادەیەک نا جێگیری پێوە دیار بووە. (ربیع، ٢٠١٤: ١٥٦-١٥٨)

بەڵام بە ئاماژەدان بە ساڵانی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشو عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو ئازادیەکی فراوانتری بە خۆیەوە بینی لەوەی کە لە پێشتر دەخولقا. لە ساڵانی (٢٠١٠)دا تۆری ڕۆژنامەوانی ئەریج کە بنکە سەرەکیەکەی لە عمان بو هاتوونەتە عێراق، ئەمە بوە هۆی ئەنجامدانی چەندین خولی تایبەت بە بنکۆڵکاری و بە دەستهێنانی چەندین خەڵات لە لایەن ڕۆژنامەوانانی عێراقیەوە، گەرچی دوا بە دوای ئەویش لە ئایاری ٢٠١١ی زایینی لە کوردستانیش بە تایبەت تر لە سلێمانی چەند ڕێکخراوێک دامەزرا لەوانە (ڕێکخراوی ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی)، کە بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ بۆ بنیادنانی شێواز و ڕێکاری زانستی لە کاری ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری. (حسن، ٢٠٠٩ :٦ )

بێگومان لە هەرێمی کوردستانیش هاو شێوەی عێراق ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری بە تەواوی نە ناسراوە، وەک پێویست، هەنگاوی بۆ نەنراوە سەرباری پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەدا، ڕۆژنامەوانی کوردی بە گشتی لە هەرێمی کوردستان، بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەت و ئابوور و کلتوری عێراقە، لەگەڵ هەموو ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژ، ئەگەر چی لە خوار و ناوەڕاستی عێراقیشبن، پریشکی کۆتایی گۆڕانکارییەکان بەر هەرێمی کوردستان کەوتوە، لە نێو ئەم هەموو ململانێ سیاسیانەداو لە نێو ئەو گۆڕانکارییە گەورە ئابووریانەدا، لە نێوانی هەموو ئەو دانیشتنە دیپلۆماسییانەدا، کە ڕوو دەدەن، لە هەموو کۆبوونەوە نهێنییەکان، بودجە، مووچە، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەکردنی ئابووری، پەراوێزخستنی کارگێڕی، نەبوونی متمانە، ئەمانە هەمو وایانکردووە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری بەهای خۆی هەبێت و دەرفەتی گەورە لە بەردەم میدیاکار درووستبن تاوەکو بتوانێت کاریان لەسەر بکات و بنکۆڵیان بکات

هە ربۆیە دەتوانرێت بوترێت ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە نەبوونەوە نزیکترە، تەنها هەندێک هەوڵی کەم نەبێت کە ئەویش دواجار خاوەنەکەی روبەروی مەترسی دەبێتەوە بێگومان هەموو ئەمانە دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی یاسا و نەبوونی پەرۆشی بۆ کارکردن لەم بوارەدا ئەوانەش، کە ئازایەتیان هەیە پێدەچێت بواری دارایی و کاتی پێویست و ڕۆژنامەنووسی کارایان نەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانە، کە باسکران زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بواری ڕۆژنامەگەری، چاوەروانی ئاسۆیەکی گەش و ڕوون و سەرکەوتوو کاریگەرن لە دوارۆژی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری دەکەن . هاوکات ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەگەریی نێودەوڵەتی هەوڵدەدەن ئەم جۆرە هونەرە بخەنە چوارچێوەی گرنگیپێدان و بیکەن بە پێشەنگ و پێشمەرجی هەر کارێکی ڕۆژنامەگەریی کە بۆ گۆرانکاریەکانی کە لە ئەمرۆدا پێویستە(حسن، ٢٠١٧ :٣٠)

## چەمک و پێناسەی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری:

وشەی (بنکۆڵکاری) وشەیەکی کوردی ئاوێتەیە لە هەر دو وشەی سەربەخۆی نێوان (بنکۆڵ و کار)، پێکهاتوە و یەکەمیان بە واتاکانی (هەڵکۆڵین و توێکاری هەڵدانەوەی پەنهانی کراوەکان تێپەڕاندنی رواڵەت و ڕۆچون و شۆڕبونەوە بە قوڵایی شتەکان)دێت. دوەمیان، واتە (کار)، بە واتاکانی (پیتێکی وابەستەیە دەنوسێ بە وشەوە بە شێوەی بکەر، یاخود بە واتای ئیش و چالاکی و جوڵە و بزوتنەوە و بزاوت و کۆشش) دێت. و(عمل، نشاط)ی زمانی عەرەبیدا بەکاردەهێنرێت. (نظام الدین،١٩٨٩: ٣٩٤)

لە بەرامبەر وشەی (استقصاء)ی زمانی عەرەبیدا بەکاردەهێنرێت کە دەگەرێتەوە بۆ کاری(استقصی)، بە واتایی گەران و ڕۆچون بە قوڵایی بابەتێک. کە رەگی وشەکە دەگەرێتەوە بۆ(قصا عنه قصوا وقصا وقصاء وقصي:اي ابعد و قصوت عن القوم: تباعدت اي التقصی) (کریم، ٢٠١٠ :١٦٨).

بەرامبەر وشەی (investigative)ی زمانی ئینگلیزیە هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی (ئینگلیزی)، وشەیی(investigation-investigate)، بەرامبەر بە وشەی (analysis-research).

**پێناسەی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری:.**

ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری ئەو مۆدیلە ڕۆژنامەوانیە سەربەخۆییە، کە لە سەر بنەمای پشتبەستو بە شێواز و ڕێکار و لێکۆڵینەوەی چڕ و ڕێزمانی زانستی وەستاوە، کە ڕۆژنامەوانان لە بوارەکەیان پیادەی دەکەن بۆ گەشتن بە ڕاستیە بەڵگە نەویست و سەرنجراکێشەکان لە ڕێگەی بە دواداچونی دیاریکرا و سەبارەت بە بابەتە شێوێنرا و شاراوەکان و دەرخستنی ئاڵۆزیەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە گشتی بە ئامانجی چاودێریکردنی دەسەلآت. هەر بۆیە پێویستە زانیاری تەواو هەبێت سەبارەت بەم مودیلە لە وێشەوە دیاریکردنی خاڵی هاوبەش و جیاواز، لەگەڵ هونەرەکانی دیکە لە شێوە، بیرۆکە، ئامانج، ناوەرۆک و چۆنێتی مامەڵەکردن، دێتە دیاری.(ایمان، ۲۰۱۵: ۷۸)

لە رویەکی دیکەوە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری ناسراوە بە ((ڕۆژنامەوانیی پرۆژەکاری)) ڕێکخراو بەر پرسیار لە بەگەرخستنی کاتی پێویست بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاری ڕۆژنامەوانیی بە خۆ تەرخانکردن و پەیوەستبونی تەواو بە کارەکەوە بە بونی مەیل و ئارەزویەکی زۆر بە پاڵپشتی گروپێکی تایبەتمەند لە بوارەکە و دورکەوتنەوە لە چاوچنۆکی دو بەرەکی سەرەڕای پێویستبونی بیرکردنەوە بە شێنەی و بە هەمیشەیی بۆ کاری پێشنیار کراو بەوەی هەر کارێکی ناوازە و سەرکەوتو پێویستی بە پێشکەشکردن و روکارێکی باش هەیە. (الداود، ۲۰۱۹: ۱۷)

**ئامانجەکانی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری:**

**لە گرنگترین ئامانجەکانی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری خۆی دەبینێتەوە لە: .**

ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی ئامانجێکی نابابەتیانە ئاراستە دەکات، ئەویش ئارەزوی چاکسازیە لە کۆمەڵدا، بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەوان لە وەدایە ڕاستیەکان بناسین تاوەکو ژیانی پێبگۆڕین. (ابراهیم ; رەحمان، ۲۰۱۵: ۲۱٦ )

هەروەها ئامانجێکی دیکەی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری گەیشتنە بە ڕاستی و زانیاری پەردە پۆشکراو و شاراوەکان، دەرخستنی زانیارییە گرنگ و چارەنوسسازەکان، هەروەها دیاریکردنی بابەتییانەی بەرپرسێتیەکان. (نوح، ۲۰۱۹ : ۲۷-۲۸)

**تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری:**

**لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری خۆی دەبینێتەوە لە:**

**پرۆسەیەکی ماوە درێژە:** پێویستی بە پلان و توێژینەوە و وردبونەوە هەیە لە زانیاریەکان و دڵنیا بون لە راستی سەرچاوە جیاوازەکان. (ابو راس واخرون، ۲۰۱۲: ۵)

**هەروەها توێژینەوەیی قوڵ و گرانە:** پێویستی بە ئارامگرتنی زۆر هەیە، چونکە ڕۆچونە بە نێو قوڵایی بابەتە مەترسیدارەکان و ئاشکراکردنی ئەو ڕاستیە نهێنی و شاراوانەی کە کەسانێک هەوڵی بە نهێنی مانەوەی دەدەن. (المصری، ۲۰۱۸: ۳۰)

**جیاکاری لە نێوان ڕۆژنامەوانیی بنکولکاریی و ڕۆژنامەوانیی کلاسیکدا:**

ڕۆژنامەوان لە ژێر فشار و پەلە کردن لە بەرهەمهێناندا، هەڵە بکات، ئەمە ئەگەرێکە رودەدات، ئەنجامێکی مەترسیداری بۆ سەر متمانەی ڕۆژنامەوانەکە نا بێت لە کاتێکدا، ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکار هەر هەڵەیەک بکات دوچاری لێپرسینەوە یان دادگا دەکات و رەنگە ئەوە متمانەی خۆی و ئەو میدیایەش لە ناو ببات ، کە کاری تێدا دەکات. (نوح، ۲۰۱۹: ۵۸)

جیاوازیەکی دیکە کە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری جیادەکاتەوە جۆری کارکردنەکەیەتی بەو پێیەی، کە ڕۆژنامەوانیی

بنكۆڵكاری پشت بە بەڵگە و سەلماندنی زانستی و هەر شتێک، كە بابەتەكە بخوازێت دەبەستێ، بنكۆڵكاری هاتوە بۆ وەڵامدانەوە پرسی((چۆن؟)) بۆ پێدانی زۆرترین زانیاری و رونكردنەوەی دروست زۆر زیاتر لەوەی كە راپۆرت یان هەواڵ پێیهەڵدەستێ لە كاتێک كە رۆژنامەوانیی كلاسیک وەڵامی پرسەكانی هەریەک لە (كێ، چی،كەی، لەكوێ، بۆچی)، دەگرێتە ئەستۆ. (عزالدین، ٢٠١٣: ٢٩)

### ئاكاری كاریی رۆژنامەوانیی بنكۆڵكاری:

#### لە گرنكترین ئاكاری كاریی رۆژنامەوانیی بنكۆڵكاری خۆی دەبینێتەوە لە:

راستگۆیی پارێزی و بابەتیبون دەركەوتوترین پێوانەیە،كە پێویستە رەچاوبكرێت لە ناردنی زانیاری و پێویستە رۆژنامەوانی بنكۆڵكاری راستگۆبێت لە بیرۆكە و سەرچاوە و نوسین لەگەڵ بەكارهێنانی بەڵگە و سەلماندن دوركەوتنەوە لە بەكارهێنانی ویستی خودی و ئاراستە نەكردنی دەستی تاوان بۆ كەسانێک بەبێ بەڵگە. (هنتر; فودة واخرون، ٢٠٠٩: ٥٢)

یەكێكی تر لەگرنگترین رێسا ئاكاریەكانی رۆژنامەگەریی بە هەمو شێوەكانییەوە پاراستنی نهێنی سەرچاوەكانە، ئەمەش مایەی شانازی و پێویستیە لە كاروباری رۆژنامەگەریدا، كاتێک رۆژنامەنوسێک سەرپێچی پەیمانێک دەكات لە پاراستنی نهێنی سەرچاوەكە كارەكەی زەرەرمەند دەبێت و سەرچاوەكانی تر لە داهاتودا متمانەی پێناكەن و متمانەی جەماوەر بەدەست ناهێنێت كە پشتی پێدەبەستن لە ئاشكراكردنی ڕاستیەكان و لێرەدا دەبێت ڕەچاوی گرنگی كاری رۆژنامەنوس و ئەو ڕۆڵەی بكرێت كە پێی دەڕوانێت بۆ پێشخستنی كۆمەڵگاكەی و ڕودانی گۆڕان بۆیە رۆژنامەنوسان سەرچاوەكانی خۆیان دەپارێزن تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی ڕوبەڕوبونەوەی دادگاو دادوەری. (مشارقة واخرون، ٢٠١٧: ٩١)

### دەرفەتی رۆژنامەوانیی بنكۆڵكاری:

سەبارەت بە تاوتوێكردنی دەرفەتی رۆژنامەوانیی بنكۆڵكاری لە هەرێمی كوردستان.(*) لە تێڕوانینی شارەزایانی لێهاتوی بواری رۆژنامەوانی و رۆژنامەنوسانی هەڵسوڕێنەر و دیاری بواری رۆژنامەوانی ڕای جیاواز هەن، هەندێكیان پێیانوایە بونی دەرفەت لە بەردەم دروستبونی رۆژنامەوانی بنكۆڵكاری لە هەرێمی كوردستان سنوردارە، ئەمەش بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەنگە زۆرەی لە بەردەم لە سەرهەڵدان و سەقامگیربونی رۆژنامەوانیی بنكۆڵكاریدایە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە دەرفەت كەم بن یان ئاستەم بن هەروەک رۆژنامەنوس (ستران عەبدوڵڵا پێیوایە كە دەرفەتەكانی بەردەم رۆژنامەوانی بنكۆلكاری كراوەیە بە قەدەر دەرفەتەكانی گەشەكردنی خودی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی كوردستان، چونكە ئەم شێوازەی (بنكۆڵكاری)ە هەر تەنها چەشنێكی ئاسایی كاری رۆژنامەوانیی نییە، بەڵكو قۆناغێكی لە پێشترو و گەشەكردوترە. زیاد لە دەرفەت و ژینگەیەكی حەریفانەی كاری رۆژنامەوانی و بگرە گەشەی دامەزراوەیی كوردستانیشی دەوێت. كە دەتوانرێت لەم چەند خاڵەدا ئاماژەیان پێ بدرێت بونی توانایەكی باشی رۆژنامەوانی و رۆژنامەنوسیی بنكوڵكاری دەوێت، ئامادەكاری و خۆتەرخانكردنی رۆژنامەنوسەكەی دەوێت، جا ئەگەر لە چوارچێوەی دامەزراوەیەكدا كار بكات كە دەبێ مۆڵەت و توانا و سەبری كاركردنی بۆ دابین بكەن، یان سەربەخۆش بێت كە دوایی دەتوانێت بە گرێبەست یان بە فرۆشتن بە دامەزراوەكان و ئاژانسەكان بەرهەمەكەی خۆی ساغ بكاتەوە. بنكۆڵكار دەبێ هەستێكی بەهێزی بەدواداچون، سەبرێكی گەورە و توانایەكی زۆری هەڵسەنگاندن و لێكدانەوە و لێكدانی پەرچەكانی زانیاری و پێدراوەكانی هەبێت بۆ نمونە لە ژینگەیەكی یاسایی تۆكمە و دامەزراوەیەكی گەشەكردوی حكومڕانی و كۆمەڵێكی هۆشیاردا كە بایەخی میدیا و ڕشتەی بنكۆڵكاری بزانێ و لە كاتی پێویست دا داكۆكی لە دۆسییە ڕاستەكانی بەرهەمی بنكولكاری بكات)) (عبدالله، ٢٠٢٢، ١١:٠٠am )

**گەرچی لەلایەکی دیکەوە، هەڵکەوتنی سروشتی کوردستان و دابەشبونی بە دو ناوچەی جیاواز لە ڕوی دەسەڵاتی کارگێڕیەوە، بوونی زۆرێک لە پارتی بەهێز بە واتای (بوونی فرەیی پارتەکان و جۆرێک لە کێبرکێ)، لەگەڵ بوونی چەند پارتێکی ئۆپۆزسیۆن، لە ڕێگەپێدان بە مەشقکردن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی کێبرکێ لەگەڵ گرنگی وردبونەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنوس نەبێت بە قوربانی ڕۆژنامەوانی تەشەنە و بێ وردەکاری، لەگەڵ ئەوەی ئەم کێبرکێیە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕوبەرێکی گونجاو بۆ دەستکەوتنی زانیاری و کارکردن بۆ بەدەستهێنانی کاری بنکۆڵکاری پتر هاوکات فرەیی و هەمەجۆری ئەم پارتانە دەرفەت فەراهەمدەکات بۆ گەران و بڵاوکردنەوە لە نێو دیموکراتی سەرەتایی دامەزراوە لاواز و سستەکان لە هەرێمدا. و توانای هاوبەشیکردن و بەشداریکردن و پاڵپشتی ڕۆژئاوا بۆ هەرێم لەوانە پاڵپشتی ڕۆژنامەگەری سەربەست و سەربەخۆ، بەهای ئازادی ڕادەربرین، مافی مرۆڤ و بەکارهێنانی لەلایەن ڕۆژنامەنوسان بە شێوەیەکی ئەرێنی بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی ڕۆژنامەوانی و لێکۆڵینەوەی گرنگ و بە بەها. خاڵێکی تر ژینگەی یاسایی بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی لە هەرێم باشترە بە راورد بە فەراهەمکردنی لە چوارچێوەی هەرێم و عێراق. بەو پێیەی کە لە هەرێم بە یاسا بڕگەیەک هەیە کە ڕێگە بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە ناوەرۆکی یاسای ڕێکخراو و پەیوەست بە ڕۆژنامەوانی لە هەرێم. دەرفەتێکی دیکە بۆ پاڵپشتی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری، کە پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی و کارگێڕی دەزگاکانی راگەیاندن).**(نوح،٢٠٢١، ٢:٠٠pm )

**لەگەڵ بوونی ڕۆژنامەوانی بە توانا و شارەزا، کە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر لە و بوارەدا کار بکات و بەرگەی هەمو ئەو ئاستەنگانە بگرێت، و لە هەرێمی کوردستان خاڵی جەوهەری لە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری متمانەی ڕۆژنامەنوسە تا بتوانێت بە ئاسانی سەرچاوەی زانیاری دەستبخات.**( پیرە،٢٠٢٢، ١:٠٠ pm)

**هەر وەک دیارە بە بەراورد بەو هەمو بەرهەمە میدیاییە، بەو هەموو هەواڵ و راپۆرت و ڕوداوانەی کە ڕودەدەن، بەو ژمارە زۆرەی میدیا، بەو هەمو خەڵکەی کە ڕۆژنامەنوسن، ئاستەنگ و بەربەستەکان زۆر کەمن، هەشبن، بە شێوەی بەرنامە بۆ دارێژراو نین و سیاسەتی فەرمی حزب، حکومەت، دەسەڵات نیین، یەک هۆکار بەسە بۆ دروستبونی دەرفەت بۆ میدیاکارێک کە کاری بنکۆڵکاری دەکات، ئەوەی کە سەری بسوڕمێت، واقورمانێک بەسە بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی بنکۆڵکاریی پڕ بینەر و خوێنەر لە دەوری بابەتە میدیاییەکەت کۆبکەیتەوە، هەمیشە کاری میدیاکاری بنکۆڵکار دوای هەمو میدیاکارەکانی دیکە دەستپێدەکات، دەبێت هەمویان تەواوبن، ئەوکات ئیتر ئەو دەستپێدەکات، دەبێت هەواڵەکە بڵاوبوبێتەوە، ئەوکاتە ئیتر کاتی یاریکردنی ئەو دەستپێدەکات، من هەمیشە دەڵێم میدیاکاری بنکۆڵکار لەو ئەفسەرە دەچێت کە ڕوداوێک ڕویداوە و پۆلیس چونەتە شوێنی ڕوداوەکە و شریتی ئاگادارکردنەوەیان داناوە و پەنجەمۆری بکوژیان هەڵگرتوەتەوە و هەمو ڕوداوەکە کۆتایی هاتوە، بەڵام ئەفسەرێک لەکۆتاییدا دێت و هەمو چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەو دەکەن کە بزانن وردەکاریی ڕوداوەکە چی بوە، ئەم دیمەنە لە زۆربەی فیلمەکانی هۆلیدو ئەوانی دیکەشدا بینیومانە، ئەو ئەفسەرە من دەیچوێنم بە ڕۆژنامەنوسی بنکۆڵکار، ڕوداو گەلێکی زۆر دەرفەتی جۆراوجۆری خوڵقاندوە بۆ میدیاکار تا بنکۆڵکاریی بکات بۆ ئەوەی باشتر بیگەیەنێت، تەنیا ئەوەی گرنگە، ئەو تەکنیکەیە کە دەبێت میدیاکار بیدۆزێتەوە بۆ چنگخستنی ئەو زانیارییەی کە دوای دەکەوێت، بۆ ئەمەشیان هەر جارەو جۆرێکەو، هەر کارێک کە میدیاکارەکە بیکات لە جارێک بۆ جارێ داهاتو، تەکنیکی دەستخستنی زانیارییەکە دەگۆڕێت و دەبێت میدیاکارەکە لەم کارە سەلیقەی خۆی تاقیبکاتەوە.**(فریدون،٢٠٢٢، ٥:٠٠pm )

**سێیەم:لایەنی مەیدانی توێژینەوە:**

**١.خستنەڕوی ئەنجامەکان:**

**خشتەی (٢) زانیاری تایبەت بە بەرتوێژان**

| ژ | زانیاری تایبەت | | دوبارە بونەوەکان | % |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕەگەز | نێر | 215 | 67.4 |
| | | مێ | 104 | 32.6 |
| | کۆی گشتی | | 319 | 100 |
| 2 | تەمەن | کەمتر لە ٢٦ | 37 | 11.6 |
| | | ٢٧ -٣١ | 60 | 18.8 |
| | | ٣٢ - ٣٦ | 97 | 30.4 |
| | | ٣٧ - ٤١ | 64 | 20.1 |
| | | ٤٢ – زیاتر | 61 | 19.1 |
| | کۆی گشتی | | 319 | 100 |
| 3 | ئاستی خوێندەواری | ئامادەیی | 52 | 16.3 |
| | | دبلۆم | 70 | 21.9 |
| | | بەکالۆریۆس | 113 | 35.4 |
| | | دبلۆمی بالا | 60 | 18.8 |
| | | ماستەر | 22 | 6.9 |
| | | دکتۆرا | 2 | 0.6 |
| | کۆی گشتی | | 319 | 100 |
| 4 | ئەزمونت لە بواری ڕۆژنامەگەری | ١بۆ ٥ساڵ | 64 | 20.1 |
| | | ٦بۆ ١١ساڵ | 70 | 21.9 |
| | | ١٢بۆ١٧ ساڵ | 105 | 32.9 |
| | | ١٨بۆ ٢٣ساڵ | 51 | 16.0 |
| | | ٢٤بەرەوژور | 29 | 9.1 |
| | کۆی گشتی | | 319 | 100 |
| 5 | ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەیت | حیزبی | 90 | 28.2 |
| | | گشتی | 66 | 20.7 |
| | | کەرتی تایبەت | 113 | 35.4 |
| | | سەربەخۆ کاردەکەم (فریلانس) | 40 | 12.5 |
| | | هی تر | 10 | 3.1 |
| | کۆی گشتی | | 319 | 100 |

**خشتەی (٢)ئەوە روندەکاتەوە، کە لە ڕوی ڕەگەزی بەرتوێژانەوە، ژمارەی ڕەگەزی نێر زیاترە لە ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (٦٧،٤%) دەرکەوتوە، و ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (٣٢،٦%)،دەرکەوتوە لە ڕوی تەمەنەوە زۆرینەی بەرتوێژان ئاستی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان، (٣٢ -٣٦) ساڵ، بە ڕێژەی (٣٠،٤%)، و بە پێی رووونکاری سەرەوە زۆربەی بەرتوێژان لە تەمەنی مامناوەندان کە هەڵسوڕێنەری بواری ڕۆژنامەوانین هەروەها لە خاڵێکی تری خشتەکە دا کە ئاماژە بە ئاستی خوێندن کراوە زۆربەی بەرتوێژان، کە لە پلەی یەکەمدان هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوسن، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٣٥،٤)، هاوکات لە ڕوی ئەزمونیشەوە بە گوێرەی ئەنجامەکان زۆرینەی بەرتوێژان ،کە پلەی یەکەمیان وەرگرتوە، ئەزمونیان لە بواری ڕۆژنامەوانی لە نێوان (١٢-١٧)ساڵدایە بە ڕێژەی(٣٢.٩%) هەروەها لە ڕوی خاوەنداریێتی زۆرینەی بەرتوێژان لەو دامەزراوە ڕۆژنامەوانیانە کار دەکەن،کە خاوەنداریێتی دەگەڕێتەوە بۆ کەرتی تایبەت ،کە ڕێژەکەی دەکاتە (٣٥.٤%).**

**خشتەی (٣) هەوڵدانی ڕۆژنامەنوس بۆ فراوانکردنی زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری**

| ئەگەر لە هەوڵدابویت بۆ فراوانکردنی زانیاریت دەربارەی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری ئەوا لە چ ڕێگەیەکەوە بوە | دوبارە بونەوەکان | % |
|---|---|---|
| ئەزمون و کارکردن لە بوارەکە | 93 | 29.2 |
| لە ڕێگەی خولی تایبەت | 66 | 20.7 |
| ناوەندی ئەکادیمی | 37 | 11.6 |
| خوێندنەوە دەربارەی بوارەکە | 111 | 34.8 |
| هی تربنوسە | 12 | 3.8 |
| کۆی گشتی | 319 | 100 |

**خشتەی (٣) ئەوە دەخاتە ڕو، کە ژمارەیەک لە بەرتوێژان لە ڕێگەی (خوێندنەوە دەربارەی بوارەکە )زانیاریەکانیان فراوان کردوە دەربارەی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری بە ڕێژەی (٣٤،٨%)، لە کاتێکدا ژمارەیەکی تر لە بەر توێژان لە ڕێگەی (ئەزمون و کارکردن لە بواری رۆژنامەوانی) زانیارییەکانیان فراوانکردوە بە ڕێژەی (٢٩،٢%) هاوکات ژمارەیەکی دیکەیان هانایان بردۆتە بەر (خولی تایبەت) بۆ فراوانکردنی زانیاریەکانیان، بە ڕێژەی (٢٠،٧%)، لە کاتێکدا ڕێژەیەکی دیکە ئاماژەیان داوە بە فراوانکردنی زانیاریەکانیان لە ڕێگەی ناوەندە ئەکادیمیەکانەوە، بە ڕێژەی (١١،٦%)**

**خشتەی (٤) بونی دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دەردەخات**

| پێتوایە دەرفەت بۆ رۆژنامەوانیی بنکۆلکاری لە هەرێمی کوردستان پەیوەستە بەکام لەمانە؟ دەتوانیت لە یەك وەڵام زیاتر پەسەند بکەیت | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بونی فرەیی پارتەکان و کێبرکێی نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن | 180 | 21.33 | 1 |
| هاندان و پاڵپشتیکردنی لایەنی دارایی ڕۆژنامەنوسان | 112 | 13.27 | 4 |
| دەرکەوتنی گەندەڵی بە سەرجەم جۆرەکانیەوە | 125 | 14.81 | 3 |
| گرنگیپێدانی وەرگر بۆ بابەتە بنکۆلکاریەکان | 104 | 12.32 | 5 |
| ئاستی کاریگەریی رۆژنامەوانیی بنکۆلکاری لە چارەسەری کێشەکان | 45 | 5.33 | 7 |
| گرنگیدان بە بەرژەوەندیی گشتی لە هەرێمی کوردستان لە لایەن رۆژنامەوانانەوە | 43 | 5.09 | 8 |
| پەیرەوکردنی بنەمای ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان | 66 | 7.82 | 6 |
| حەز و ئامادەیی رۆژنامەوان بۆ بە ئەزمونکردنی رۆژنامەگەریی بنکۆلکاری | 169 | 20.02 | 2 |
| کۆی گشتی | 844* | 100 | 1-8 |

**خشتەی (٤) ئەوە روندەکاتەوە، کە لە بەرزترین ئاستی پێوانەیدا بوونی دەرفەت لە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری بە ئاستی یەکەم پەیوەستە بە ( بونی فرەیی پارتەکان و کێبرکێی نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، بە ڕێژەی (٢١،٣٣%)، لە کاتێکدا (حەز و ئامادەیی ڕۆژنامەوان بۆ ئەزمونکردنی ڕۆژنامەگەریی بنکۆڵکاری)، لە ئاستی دووەمدایە بە ڕێژەی (٢٠،٠٢%) هەروەها (دەرکەوتنی گەندەڵی بە سەرجەم جۆرەکانیەوە لە هەرێمی کوردستان )،لە ئاستی سێهەمدایە بە ڕێژەی (١٤،٨١%) هەریەکە لەم دەربڕینانە بە**

**ڕێژەیەکی بەرچاو ئاماژەن بۆ بونی دەرفەت بۆ رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان.**

**خشتەی (٥) وروژاندن و دەرخستنی دۆسییەکان لە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریدا دەخاتە ڕو**

| ریزبەندی | % | دوبارە بونەوەکان | بەتێروانینی بەرێزت مەبەستی سەرەکیی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر وروژاندن و دەرخستنی چ جۆرە دۆسیەیەکە |
|---|---|---|---|
| 1 | 18.38 | 138 | ئاشکراکردنی دۆسییە شاردراوەکان |
| 4 | 17.31 | 130 | گەندەڵی سیاسی |
| 6 | 13.58 | 102 | گەندەڵی کارگێری |
| 5 | 14.38 | 108 | گەندەڵی دارایی و ئابوری |
| 3 | 18.11 | 136 | گەندەڵی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی |
| 2 | 18.24 | 137 | بەرژەوەندیی گشتی |
| 1-6 | 100 | *751 | کۆی گشتی |

**خشتەی (٥) ئەوە روندەکاتەوە، کە لە توانای رۆژنامەوانی بنکۆڵکاریدایە، کە (دۆسییە شاردراوەکان) ئاشکرا بکات، بە رێژەی (١٨،٣٨%)، کە لە بەرزترین ئاستی پێوانەیدا، لە ئاستی یەکەمدایە. و ئەو دۆسییانە دەردەخات، کە پەیوەستن بە (بەرژەوەندی گشتی)، بە رێژەی (١٨،٢٤%)،لە ئاستی دووەمدایە، لەگەڵ ئەو دۆسیەیانەی، کە پەیوەستن بە (گەندەڵی نا دادپەروەری کۆمەڵایەتی) بە رێژەی (١٨،١١%)، لە ئاستی سێهەمدایە.**

**خشتەی (٦) بابەت و دۆسیەی دامەزراوە رۆژنامەوانییەکان سەبارەت بە کاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری**

| ریزبەندی | % | دوبارە بونەوەکان | بابەت و دۆسیەی کام دەزگای رۆژنامەوانیی توانیویەتی بیسەلمێنێ کە دۆسییەی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان بونی هەیە |
|---|---|---|---|
| 3 | 12.04 | 72 | دبلۆماتیك مەگەزین |
| 7 | 6.35 | 38 | لڤین |
| 1 | 32.11 | 192 | روداو |
| 5 | 7.86 | 47 | درەو |
| 4 | 10.87 | 65 | کوردستان24 |
| 6 | 6.69 | 40 | دەلال |
| 9 | 1.00 | 6 | ئەڤرۆ |
| 2 | 21.24 | 127 | ئێن ئار تی |
| 8 | 1.17 | 7 | ئێریج |
| 10 | 0.67 | 4 | هی تر |
| 1-10 | 100 | *598 | کۆی گشتی |

**خشتەی (٦)، ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ژمارەیەک لە دامەزراوە رۆژنامەوانیەکان توانیویانە بیسەلمێنن، کە کاری بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە،**

**لەم ڕونکردنەوەیە دەگەینە ئەوەی، کە لە نمونەی دەزگا رۆژنامەوانیەکان بۆ کاریی بنکۆڵکاری دەزگای(روداو) بە رێژەی (٣٢،١١%) لە ئاستی یەکەمدایە، و دەزگای (ئێن ئارتی) بە رێژەی (٢٤،٢١%) لە ئاستی دووەمدایە، و دەزگای(دبلۆماتیک مەگەزین) بە رێژەیی (١٢،٠٤%)،لە ئاستی سێهەمدایە.**

**٢. تاقیکردنەوە گریمانەکان**

**پاش ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، و خستنە ڕو وشیکردنەوەی داتا ئامارییەکان کە لە نمونەی توێژینەوەکە و لە رێگەی ڕاپێوینامە بەدەستهاتون توێژەر دەستی کردوە بە تاقیکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکە بە مەبەستی دەرخستنی ئاستی پەسەند بون یان پەسەند نەبونی گریمانەکان.**

**یەکەم: پەیوەندی ئاماری هەیە لە نیوان لە باریی و گونجاوی ژینگەی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری سەرکەوتو و لەگەڵ ئاستی شارەزایی و ئاشنابون بە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری**

**خشتەی (٧) بونی لەباری و گونجاوی ژینگەی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لەگەڵ ئاستی شارەزایی و ئاشنابون بە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕو**

| ژینگەی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی سەرکەوتو لە هەرێمی کوردستاندا، تا چ ئاستێك بە لەبار و گونجاو دەبینی | | ئاستی شارەزایی و ئاشنابونت بە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر خراپ | خراپ | مامناوەند | باش | زۆر باش | |
| زۆر خراپ | Count | 0 | 2 | 6 | 3 | 2 | 13 |
| | % of Total | 0.00% | 0.60% | 1.90% | 0.90% | 0.60% | 4.10% |
| خراپ | Count | 2 | 8 | 13 | 35 | 10 | 68 |
| | % of Total | 0.60% | 2.50% | 4.10% | 11.00% | 3.10% | 21.30% |
| مامناوەند | Count | 0 | 5 | 72 | 82 | 34 | 193 |
| | % of Total | 0.00% | 1.60% | 22.60% | 25.70% | 10.70% | 60.50% |
| باش | Count | 0 | 1 | 11 | 20 | 9 | 41 |
| | % of Total | 0.00% | 0.30% | 3.40% | 6.30% | 2.80% | 12.90% |
| زۆر باش | Count | 0 | 0 | 0 | 4 | 0 | 4 |
| | % of Total | 0.00% | 0.00% | 0.00% | 1.30% | 0.00% | 1.30% |
| کۆی گشتی | Count | 2 | 16 | 102 | 144 | 55 | 319 |
| | % of Total | 0.60% | 5.00% | 32.00% | 45.10% | 17.20% | 100.00% |
| 0.006 | ئاستی بەڵگەداری (P-value) | | | 33.623 | Chi-Square Test | | |

**خشتەی (٧)ئەوە ڕوندەکاتەوە، کە ئاستی پەیوەندی نێوان لە باریی و گونجاوی ژینگەی بڕەودان بە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری سەرکەوتو لەگەڵ شارەزایی و ئاشنابون بە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی مامناوەندایە، کە بە رێژەی (٦٠،٥٠%)ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان لە باریی و گونجاوی ژینگەی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری سەرکەوتو لەگەڵ ئاستی شارەزایی و ئاشنابون بە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا. چونکە بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-**

value) دەکاتە (0.006) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05).

دوهەم: پەیوەندی ئاماری هەیە لە نێوان کاری دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەوانی ڕاهێنراو و شارەزا و بوێر لە برەودان بە ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری و ئاستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری

**خشتەی (٨) کاری دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەوانی شارەزا و بوێر بۆ برەودان بە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لەگەڵ ئاستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری دەخاتەڕو**

| کاری دەزگا ڕۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەوانی ڕاهێنراو و شارەزا و بوێر بۆ کاریی بنکۆڵکاری چۆن هەڵدەسەنگێنیت | | ئاستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆر خراپ | خراپ | مامناوەند | باش | زۆر باش | |
| زۆر خراپ | Count | 5 | 5 | 1 | 0 | 0 | 11 |
| | % of Total | 1.6% | 1.6% | 0.3% | 0.0% | 0.0% | 3.4% |
| خراپ | Count | 4 | 41 | 64 | 7 | 1 | 117 |
| | % of Total | 1.3% | 12.9% | 20.1% | 2.2% | 0.3% | 36.7% |
| مامناوەند | Count | 2 | 44 | 76 | 8 | 0 | 130 |
| | % of Total | 0.6% | 13.8% | 23.8% | 2.5% | 0.0% | 40.8% |
| باش | Count | 2 | 10 | 27 | 10 | 4 | 53 |
| | % of Total | 0.6% | 3.1% | 8.5% | 3.1% | 1.3% | 16.6% |
| زۆر باش | Count | 0 | 0 | 4 | 4 | 0 | 8 |
| | % of Total | 0.0% | 0.0% | 1.3% | 1.3% | 0.0% | 2.5% |
| کۆی گشتی | Count | 13 | 100 | 172 | 29 | 5 | 319 |
| | % of Total | 4.1% | 31.3% | 53.9% | 9.1% | 1.6% | 100.0% |
| 0.000 | ئاستی بەلگەداری (P-value) | | | 98.643 | Chi-Square Test | | |

خشتەی (٨) ئەوە خراوەتەڕو، کە ئاستی پەیوەندی نێوان دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لەگەڵ کاری دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەوانی شارەزا و لێهاتو لە برەودان بە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی مامناوەندایە، بە ڕێژەی سەدی دەکاتە (٤٠،٨%)

ئەوەش دەریدەخات، کە پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نیوان کاری دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەوانی ڕاهێنراو و شارەزا و بوێر لە برەودان بە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان.

سێهەم: پەیوەندی ئاماری هەیە لە نێوان دەرفەت بۆ کاریی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری

**خشتەی (٩) دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری**

| دەرفەتی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری | زۆر باش Fr. % | باش Fr. % | مامناوەند Fr. % | خراپ Fr. % | زۆر خراپ Fr. % | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەو پێیەی کە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری زیاتر لە سێبەری ئازادیدا بەرەوپێش دەچێت، ئازادیی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینی | 3 | 28 | 161 | 108 | 19 | 2.65 | 0.76 | 53 | مامناوەند |
| | 0.9 | 8.8 | 50.5 | 33.9 | 6 | | | | |
| ژینگەی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری سەرکەوتو لە هەرێمی کوردستاندا، تا چ ئاستێك بە لەبار و گونجاو دەبینی | 4 | 41 | 193 | 68 | 13 | 2.86 | 0.73 | 57.2 | مامناوەند |
| | 1.3 | 12.9 | 60.5 | 21.3 | 4.1 | | | | |
| ئاستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی | 5 | 29 | 172 | 100 | 13 | 2.73 | 0.75 | 54.6 | مامناوەند |
| | 1.6 | 9.1 | 53.9 | 31.3 | 4.1 | | | | |
| کۆی گشتی | 12 | 98 | 526 | 276 | 45 | 2.747 | 0.747 | 54.93 | مامناوەند |
| | 1.25 | 10.24 | 54.96 | 28.84 | 4.70 | | | | |

* ڕونکردنەوەی پێوانەیی لیکارت بۆپێوەری پێنجی: (من 1-1.79 زۆر خراپ)، (من 1.80-2.59 خراپ)، (من 2.60-3.39 مامناوەند)، (من3.40-4.19 باش)، (من 4.20-5 زۆر باش).

خشتەی (٩)ئەوە روندەکاتەوەة کە هەریەک لە (دوبارە بونەوەکان و ڕیژەی سەدیی، ناوەندە ژمارەیی، لادانی پیوانەی هەروەها گرنگی ڕێژەی، تایبەت بە پرسیارەکانی دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری، دەخاتەڕو بە شیوەیەکی گشتی (ناوەندە ژمارەیی) بریتیە لە (٢،٧٤٧)، کە بەگویرەی (ڕونکردنەوەی پێوانەیی لیکارت بۆپێوەری پێنجی) ئاستی ئازادی فەراهەمکراو بۆ ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، کە ناوەندە ژمارەیی دەکاتە (٢،٦٥)، و لەباری و گونجاوی ژینگەی کاریی بنکۆڵکاری، کە ناوەندە ژمارەییەکەی دەکاتە (٢،٨٦) و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری، کە ناوەندە ژمارەیی دەکاتە (٢،٧٣) بە گشتی لە ئاستی مامناوەندایە لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە لە کوردستان، لە ڕوی ئازادی و ژینگەی دروست و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە ئاستی مامناوەندایە بە ڕیژەی (٥٤،٩٣%)

**خشتەی (١٠) دەرفەت بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری**

| پێوەرەکان | بەجوارچێوەی ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری | |
|---|---|---|
| | پەیوەندی (الارتباط) | ئاستی بەلگەداری (الدالة Sig.الاحصائية) |
| دەرفەت بۆ برەودان بە کاریی بنکۆڵکاری و ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری | 0.739 | 0.000 |

خشتەی (١٠) ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەرفەت بۆ برەودان بە ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لەگەڵ خودی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری دەردەخات، کە تێیدا دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی بە هێزی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوانیاندا بە ڕێژەی(0.739)، لەبەر ئەوەی بەهای ئاستی بەڵگەداری (P-value) دەکاتە (0.000)، کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

### لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

**١. ڕادەی بەرەوپێشچونی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە سێبەری ئازادی فەراهەمکراو و ژینگەیەکی لەبار و گونجاو**

**بونی دەرفەت بۆ برەودان بە کاری رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری دروست لە هەرێمی کوردستان،بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوە لە بەرزترین ئاستی پێوانەییدا لە ئاستێکی مامناوەندان بە رێژەی(٥٤،٩٣%)**

**٢. لە سەر ئاستی نمونەی دامەزراوە رۆژنامەوانیەکانی هەرێمی کوردستان، هەریەک لە دەزگاکانی روداو، ئێن ئارِ تی، دبلۆماتیک مەگەزین بە پێشەنگی کاری بنکۆڵکاری خراونەتەڕو.بە رێژەی(٣٢،١١%)، (٢٤،٢١%) و (١٢،٠٤%)، بەپێی ریزبەندییان.**

## دەرئەنجامەکانی گریمانەی توێژینەوە:

**١- پەیوەندیەکی بەلگەداری ئاماری هەیە لە نیوان لە باریی و گونجاوی ژینگەی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری سەرکەوتو ئاستی شارەزایی و ئاشنابون بە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان.بە رێژەی(٥٤،٩٣%)دایە.**

**٢-پەیوەندیەکی بە ڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان کاری دەزگا رۆژنامەوانیەکان لە هەڵبژاردنی رۆژنامەوانی راهێنراو و شارەزا و بوێر لە رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری و ئاستی رەخساندنی دەرفەت بۆ رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندالە ئاستێکی مامناوەندایە بە رێژەی (٤٠،٨%)**

**٣-پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری راستەوانەی بە هێز هەیە لە نێوان دەرفەت بۆ برەودان بە کاری بنکۆڵکاری و خودی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری.بە رێژەی(0.739)**

## راسپاردەکان:

**لە بەر رۆشنایی گرنگترین دەرئەنجامەکان، توێژەر چەند راسپاردەیەک لە پێناو زاڵبون بە سەر ئاستەنگەکانی رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕو:**

**١- کارا کردنی یاساکانی رۆژنامەوانیی بە مەبەستی پاراستنی رۆژنامەنوسان و ئازادی بڵاوکردنەوە و دەربڕین جگە لە چڕکردنەوەی فیرکرنی سەرجەم کادرە رۆژنامەوانییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زیاتر رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا.**

**٢- هەوڵدان بۆ دەرباز کردنی دەزگا و دامەزراوە رۆژنامەنوسیەکان لە ژێر فشاری پارتی دیاریکراو تاوەکو رۆژنامەنوسان بتوانن بەو پەری ئازادیەوە کار لەسەر ئەو بابەت و دۆسێیانە بکەن کە شایەنی بنکۆڵکاریە.**

**٣- کارکردن بۆ ئاشناکردنی زیاتری رۆژنامەنوسان بەم مۆدێلەی رۆژنامەوانیی و چۆنێتی ئەنجامدانی هەنگاوەکانی بە وردی ئەمەش لە رێگەی کردنەوەی چەند خولێکی تایبەت بە بوارەکە، بە بەشداری کەسانی پرۆفیشناڵ لێهاتوشارەزا.**

## لیستی سەرچاوەکان

١- اولمان، جون (٢٠٠٢)، التحقيق الصحفي اساليب و تقنيات متطورة، ت: ليلى زيدان، مراجعة: اميرة فريد، قاهيرة: دار الدولية للنشر و التوزيع.

٢-ابو راس، منير; أبو, البنا, ياسر; البيك زاهر (٢٠١٢)، الصحافة الاستقصائية مفهومها و ماهيتها..نشاتها و تطورها. علاقتها بالبحث العلمي، غزة: جامعة الاسلامية، كلية الاداب

٣--البدراني، فاضل محمد (٢٠١٥)، الصحافة الاستقصائية منهج جديد لكشف الفساد وتحقيق القيم الاجتماعية، مجلة العلوم الاجتماعية، بغداد: العدد (١٣).

٤- برنامج الانمائية للامم المتحدة(التاريخ غير متوفر)، الصحافة الاستقصائية المنهج التقني، العراق: شركه الانس للطباعة و النشر.

٤-.ابو حشيش، حسن محمد(٢٠١٣)، الصحافة الاستقصائية، غزه: جامعة الاسلامية، كلية الاداب، قسم الصحافة.

٥-التميمى، هاشم حسين (٢٠١٨)، التحقيق الاستقصائي التلفيزيوني، الاسس العلمية و التطبيقات العملية، ط٢، بغداد: مديريه مطابع شبكة الاعلام العراقي.

٦-عبدالقادر ،اشرف عبد العزيز و اخرون.( ٢٠١٣)، النمو الاقتصادى و القيم المستدامه فى الدول العربية ،(قطر: المركز العربى لابحاث و دراسة السياسيات.

٧-الجرجاوي، زياد بن علي بن محمود (٢٠١٠)، القواعد المنهجية التربوية لبناء الاستبيان، فلسطين : مطبعة ابناء الجراح.

٨- حجاب، محمد منير(٢٠٠٣)، الموسوعه الإعلاميه، ط٣، القاهره: دار الفجر للنشر و التوزيع.

٩- الحسن، عيسى محمود(٢٠١٢)، الصحافة الاستقصائية مهنة المتاعب و الاخطار، عمان: دار زهران.

١٠-الحمداني، بشرى حسين(٢٠١٢)، التغطية الصحفية الاستقصائية تحقيقات عابرة للحدود، عمان، دار الاسامة للنشر و التوزيع.

١١-نظام الدين، فاضل ( ١٩٨٩)، ئەستێرە گەشە، فەرهەنگێکی کوردی عەرەبیە، چ٢، عێراق: وەزارەتی پەروەردە.

١٢-علم الدين، محمود سليمان (٢٠١٠)، التحقيق الصحفي كشكل من اشكال التغطية التفسيرية و الاجتماعية، محاضرة مقدمة في الدورة التدريبة، بمقر اكادمية شرطة دبي، امارات: كلية التدريب، قسم البرنامج التدريبة.

١٣-لقومي، هاشمي، وابن الزاهي (٢٠١٦)، بيانات الصدق و الثبات لمقياس المهارات الاجتماعية المصور لطفل التربية التحضيرية، جزائر: مجلة علوم النفسية والتربوية، جامعة ورقلة.

١٤-السنجري، بشرى داود ( ٢٠١٥)، صناعة التحقيقات التلفيزيونية الاستقصائية المقومات الفنية و المهنية للمتحقق الصحافي، لبنان، دار الكتاب الجامعي.

١٥-الصماوى، اميره (٢٠١٣)، الصحافة الاستقصائية برؤية متطورة من منظور صحافة الدقة، القاهرة: مكتب المصرى الحديث

١٦-الطائي،مصطفى حميد; ميلاد ابوبكر خير(٢٠١٣)، مناهج البحث العلمي و تطبيقاتها في الاعلام و العلوم السياسية .اسكندرية : دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر.

١٧-القصابى، خليفه بن احمد بن حميد (٢٠٢٠)، تحليل الفقرات فى بناء المقاييس النفسية، الصدق الظاهري، الصدق الفقرات، الصدق العاملى، عمان: المجلة الدولية للدراسات التربوية والنفسية، جامعة نزوي

١٨-المحمودي محمد سرحان على (٢٠١٩)، مناهج البحث العلمي، ط٣، صنعاء: دارالكتب.

المشهدانى، سعد سليمان(٢٠١٤)، الصحافة العربية و الدولية، مفهوم، خصائص، مشاكل، النماذج، الاتجاهات، امارات:دار الكتاب الجامعي.

١٩-المصرى، عربى (٢٠١٨)، التحرير الاستقصائى، .سوريا : من منشورات، جامعة الافتراضية السورية .

٢٠- حسن، على دنيف (٢٠٠٩)، دور الصحافة الاستقصائية الحديثة في مكافحة الفساد المالى و الادارى و الجريمة المنظمة، العراق: منشورات مدرسة الصحافة المستقلة.

٢١-حسن، ئاشتی حمه صالح حسين (٢٠١٧)، رۆڵ و گرنگی رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە رۆژنامەوانی کوردیدا، هەولێر: گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە١٢.

٢٢- ربيع، محمد حسين (٢٠١٤)، الصحافة الاستقصائية واقع.و اشكاليات،القاهره: دار العالم العربى.

٢٣-ئیبراهیم، عبدولخالق ; رەحمان ئەرسەلان(٢٠١٥) ، بنەماکانی نوسین لە رۆژنامەگەریدا، پوختەیەك سەبارەت بە تیۆر و پراکتیکی ژانرە رۆژنامەوانییەکان، هەولێر: زانکۆی پۆلیتەکنیك، چاپخانەی هەولێر.

٢٤-ابو عرقوب، محمد حسين(٢٠١٣)، الصحافة الاستقصائية، للصحافيين و المؤسسات الاعلامية الفكرة و تطبيقاتها، فلسطين: معهد الاعلام العصرى بجامعة القدس.

٢٥-عبدالغنى، مى (٢٠٢٠)، سمات تحقيقات الاستقصائية فى مواقع التواصل الاجتماعى،المجلة الجزائرية لبحوث الاعلان و الرى العام، مجلد٣، العدد(١)

٢٦-عبدالقادر،اشرف عبد العزيز(٢٠١٣)، النمو الاقتصادى والقيم المستدامه فى الدول العربيه ،قطر:المركز العربى لابحاث ودراسة السياسيات.

٢٧-عزالدين، حسام (٢٠١٣)، الصحافة الاستقصائية لمؤسسات المجتمع المدني الفكرة و تطبيقاتها، فلسطين: معهد الاعلام العصرى-جامعة القدس.

٢٨-کەریم، رزگار(٢٠١٠)، فەرهەنگی دەریا (کوردی، عربی)، چ٢، ئێران: چاپخانەی مەهارات.

٢٩-نوح، سامان (٢٠١٩)، رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاریی، و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات..

٣٠- لقومي، هاشمي، وابن الزاهي (٢٠١٦)، بيانات الصدق و الثبات لمقياس المهارات الاجتماعية المصور لطفل التربية التحضيرية، جزائر: مجلة علوم النفسية و التربوية، جامعة ورقلة

٣١-هنتر، مارك; فودة و اخرون (٢٠٠٩)، على درب الحقيقة دليل اريج للصحافة الاستقصائية العربية، ترجمة، غازى مسعود، باريس: مكتبة الوطنية بمملكة الاردنية الهاشمية

٣٢-مشارقة و اخرون (٢٠١٧)، صالح، مساق اخلاقيات الاعلام، مركز تطوير الاعلام، فلسطين جامعة بيرزيت.

٣٣- محمد فاتح حمدي، و سطوطاع سميرة (٢٠١٩)، منهج البحث وعلوم الاتصال و طريقة اعداد البحوث.الاردن : دار الحامد للنشر والتوزيع

١1-Bland J, A. *D.* ( 1997),*Statistics notes: Cronbach's alpha.BMJ,* [CrossRef] [Google Scholar


## چاوپێکەوتن:


**١-بەهرۆز فەرەیدون، رۆژنامەنوس، لە تۆری میدیای روداو، کاتی چاوپێکەوتن١٥/١/٢٠٢٢، لە رێگەی تۆرە کۆمەڵایەتەکان، کاتژمێر (٥)ی پاشنیوەرۆ**

**٢-ستران عەبدوڵلا، رۆژنامەنوس، بەرپرسی دەزگای ناوەندی راگەیاندنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە، کاتی چاوپێکەوتن لە ١٤ / ١/٢٠٢٢، لە رێگەی تۆرە کۆمەڵایەتەکان، کاتژمێر (١١)ی سەرلەبەیانی**

٣- سامان نوح، نوسەر و رۆژنامەنوس، بەڕێوبەری جێبەجێکاری تۆری عێراقی بۆ رۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری(نیریج)، کاتی چاوپێکەوتن لە ٢٠٢١/١٢/١٧، لە ڕێگەی تۆرە کۆمەڵایەتەکان، کاتژمێر (٢)ی پاشنیوەڕۆ.

٤- جمال پیرە، رۆژنامەنوس، ئەندامی دەستەی رێکخراوی نیریج وئەندامی دەستەی گۆڤاری نما، کاتی چاوپێکەوتن لە ١/٦/ ٢٠٢٢، لە ڕێگەی تۆرە کۆمەڵایەتەکان، کاتژمێر ١)ی پاشنیوەڕۆ


## Abstract:

The subject of this research is (The Opportunity of Investigative Journalism in Kurdistan Region), which is currently an important subject of journalism and it is important to journalists, for that matter the aim of the research is to find the opportunity of investigative journalism in Kurdistan Region and to know the appropriateness of Kurdistan environment for investigation, also to know the level of freedom of speech the matters of the research on the ground is presented. The research is also of a descriptive type, where the researcher has used survey approach. The researcher has used questionnaire in a way that is appropriate to the research and in order to obtain the objective of the research. Finally the research concluded that the level of providing investigative journalism in the provided freedom and having an appropriate environment for investigative journalism and opportunities to promote investigative work in Kurdistan Region at the highest standards, according to the research conclusion,It was a middle.average(54,93%) Regarding the ideal Kurdistan Journals, Rudaw, NRT and Diplomatic Magazine were leaders in investigative work average (32,11),(21,24),(12,04)


Keywords: opportunity, investigative journalism, Kurdistan Region

legally, and to show the journals that have the ability to prove that investigative journalism exists in Kurdistan Region.